# گولله بەزەییەکانی ئاسیا ... جەبار سابیر

تائەم سالآنەی دواییش ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە لەزۆرێکی دەستکەوتە زانستییەکانی دنیاو ژیان بێبەش بوو، دەبوو لەدوری دورەوە زەقەی چاومان بهاتایە بۆ دەستخستنی هەر جۆرە ئامێرو داهێنراوێکی بواری زانست و تەکنۆلۆژیا، بەڵام ئەو بچوکبونەوەیەی دنیا، کۆمەڵگەی ئێمەیشی لەتەواوی دنیاو دەستکەوتە زانستییەکان نزیکخستەوەو وایکرد ئێمەیش لەگەڵ تازەترین داهێنراوی زانستی ئەوان دەست و پەنجە تێکەڵ بکەین. بەڵام وەك هەموو شتەکانیترمان کەمتر دەتوانین و دەزانین و فێردەبین سودێکی باش لەو دەستکەوتانە وەرگرین. باباسی مۆبایل بکەین، لەشارێکی وەك سلێمانیدا دەیان هەزار سیمکارتی مۆبایل هەیەو گەر ئامارێکی ورد بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە لەهەر ماڵێکدا لانیکەم سێ سیمکارتی مۆبایل هەیە.

جاران خەڵك مۆبایلیشی نەبوو تەواوی کارەکانیشی رەنگە خێرا نەڕۆیشتبن، بەڵام هەر رۆیشتوون، کەچی ئێستا ئەو هەموو مۆبایلەش لەکاردایەو لێ وەك دەبینین کۆمەڵگەی ئێمە خاوترین کۆمەڵگەی دنیایە، ئەمەش دیارە بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە مۆبایل لای ئێمە بەشێوەیەکی تەندروست و وەك پێویست بەکارنایات، تۆبزانە رۆژانە چەندین خەڵك سکاڵاو شکایەتی هەیە لەدادگا لەبەر ئەوەی بەمۆبایل جارسیان کردووەو بەقەولی خۆمان پێیان رابواردووە. سەرباری ئەوەش بەهۆی مۆبایلەوە ژیانی سادەو ساکاری خەڵك ئەوەندەیتر ئاڵۆزبووەو لەگرێژەنە دەرچووە، جاری واهەیە مۆبایلی پێنج ئەندامی خێزانێك لەیەککاتدا زەنگییان بۆ دێت، ئیتر دەبێتە گەڕەلاوژەیەك ئەوسەری دیارنییە، ئیتر باوکی فەقیریش کەهەندێك کلاسیکییانە بیردەکاتەوە پێکەنینی بەوەزعەکە دێت و سەری بادەداو پێوایە هائێستا هاتاوێکیتر قیامەت رادەبێ. جاریش هەیە دوو هاوسەر لەژووری میوان و نوستنەوە بەمۆبایل پەیوەندی پێکەوە دەگرن. هەندێك کەس کەلەپاسدا زەنگی بۆ دێت وادەزانێ هەر خۆی لەپاسەکەدایەو ئەو خەڵکەیتر لەسەر شەقامەکە بەپێیان دەڕۆن، نەڕەی رۆژە رێیەك دەڕوات، ئەمە چییە کاکم چێشتەکەی نیوەڕۆی بەدڵ نییەو دەیەوێ خانمی یەکەمی ماڵەکەی لەکفتەوە بیکاتە شفتە، چونکە زستانەکەی لەزستان ناچێت و شفتە بۆ ئەم گەرما نائاساییە باشترەو زووتر ئەزم دەکرێت.

باواز لەوانە هەمووی بێنین و ئازادی خەڵك زەوت نەکەین لەپێناوی ئازادی و زەوقی خۆماندا، خەڵکی ئێمە هێشتا سەرەتایەتی و چەند ساڵێکیتر ئیتر لەگەڵ وەزعەکەدا رادێت و ئەوساش کەمتر مۆبایل بۆ شتی لاوەکی بەکاردێنێت. بەڵام باهەندێك لەو نامەی ئاگادارییەی ئاسیا بدوێین کەهەر دەڵێی تەڵقە رەحمەکەی (گوللەی بەزەیی) سەردەمی بەعسە، کەدوای گولله بارانکردنی هەر شۆڕشگێڕێك مولازمی خوێن رێژ دادەنەوییەوەو تاقە گوللەیەکی دەنا بەسەری شۆڕشگێڕی گولله باران کراوەوە بەخاتری ئەوەی نەوەك دوای ئەو هەموو گوللەیەی لەسنگ و ناوچەوانیدا خاڵیکراوەتەوە هەڵنەستێتەوەو عەرشی دەسەلآت لەوان نەسەنێت. ئەم گوللەی بەزەییەی ئاسیا جیاوازە لەوەی بەعس، چونکە بەعس یەك گوللەی بەزەیی دەنا بەو کەسەوە کە لەبەردەمیدا کەوتووە، بەڵام ئاسیا لەدوای ئەوەی باڵانسەکەت دێتە خوارێ بۆسەر یەك دۆلار کەمتر ئیتر لەبری گوللەیەك دەیان مەخزەنت تێدا خاڵیدەکاتەوەو حەیاو شەرەفی خۆت و مۆبایلە زەریفەکەشت دەبات. (تکایە ئەم بەراوردە هەر بۆپێکەنینەو بەعس شایانی ئەوەنییە لەگەڵ دەسکەوتێکی زانستی وەکو سەنتەری ئاسیادا بەراورد بکرێت لەبەر ئەوە بم بەخشن تەنیا بۆ پێکەنینەو بەس)

ئەوەی مۆبایلی پێبێت ناچارە لەکاتی تەواوبوونی کارتەکەیدا رووبکاتە فرۆشیارێکی کارتی ئاسیاو کارتێکی (دە) دۆلاری بکڕێت، ئیتر چ پێویست دەکات ئاسیا لەڕێگەی ئاگایینامەکانییەوە کەوەك تاوە

تەرزەی بەهار دادەبارێ، خاوەن مۆبایل لەوە بەخەبەربێنێ کەکارتەکەی بەرەو تەواو بوون دەچێت. پاشان بۆچی دەبێت بەو جۆرە خەڵك لەوە ئاگادارکرێتەوە کەکارتی پێنەماوە؟ تۆبڵێی خەڵك ئەوەندە نەزان بێت بەکەمبوونەوەو تێدانەمانی کارتەکەی نەزانێت. لێرەدا دەکرێت وەك پێشنیازێك بیخەینە بەردەم سەنتەری ئاسیا کە لەدوای هاتنە خوارەوەی کارتی مۆبایلەکەمان یاوەك خۆیان دەڵێن دابەزینی باڵانەسەکەمان بۆ نەوەدوو نۆ یەك جار نامەی ئاگاداری بنێردرێ و ئیتر نەکرێتە خەڕەك و لەدوای هەر زەنگ لێدانێکەوە ئاسیا نامەیەکت بۆ رەوانەکات و ئێمەیش هەر فریای سڕینەوەی نامە کەوین. دەبێت ئەوەش بزانین کەکچە دەنگ ناسکەکەی ئاسیا پێت دەڵێت ئەم کارتەی تۆ تاساڵی دوو هەزارو پازدە کاردەکات، بەڵام ئەو نامانە مانایەك بۆ ئەو قسەیە ناهێڵنەوەو پێت دەڵێن کەئاسیا لێناگەڕێ ئەو سیم کارتەی جەنابت بێ وەحدە بێت.